DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi9.35

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# (لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ فۆرم و واتای وشە لە زمانی کوردیدا - ئامادەکردنی میتۆدی نوسین و خوێندنەوە بۆ قۆناغی باخچەی منداڵان)

م.ی. ڕێگر محمد سليم سعيد

reger.saleem@univsul.edu.iq

م.عوسمان کەریم عبدالرحیم

othman.abdalrahim@univsul.edu.iq

م.ی. توانا عبدالرحمن عبدالله

twana.abdullah@univsul.edu.iq

د.جوانە ئەحمەد حسین

jwana.husen@univsul.edu.iq

بەشی کوردی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**
بەدرێژایی مێژووی فەلسەفەی زمان زۆربەی فەیلەسوفەکان تێڕوانینی جیاوازیان دەربارەی زمان و چۆنیەتیی ئەفراندنی هەبووە، کە ئەمەش خۆی لە چەند تیۆرییەکی جیاوازدا بینیوەتەوە، بەپێی سەردەمە جیاوازەکان ڕوانگەی فەیلەسوفەکانی بواری زمانیش، گۆڕانی بەسەردا هاتووە تیۆرەکانیان دەربارەی فۆرم و واتای وشە خستووەتەڕوو، سەرەتا لای گریکەکان بەتایبەت (پلاتۆن و ئەرستۆتێلیس) دواتریش لە چەرخی ناڤینەدا و سەردەمانی دواتر، هەتا سەدەی بیست بەتایبەت فەیلەسوفی نەمساوی و بەریتانی (ویتگنشاین)، کە زیاتر جەختی لە سەر فۆرمی وشە کردووە وەک لە واتاکەی، هەربۆیە بە دامەزرێنەری تیۆری وێنە لە فەلسەفەی زماندا دادەنرێت، هەروەها لە سەردەمی هاوچەرخدا چەندین تیۆرو تێڕوانینی جیاواز خراونەتەڕوو، زۆرینەیان جەختیان لە سەر گرنگیی فۆرم کردووە بۆ فێربوونی زمان بەتایبەت منداڵ لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا، لە توێژینەوەکەدا سود لە تیۆری وێنەیی لە فەلسەفەی زماندا وەرگیراوە لەگەڵ ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی لە سەر سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا. لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تیۆرە واتاییانەدا لە توێژینەوەکەدا، گرنگیی بە لایەنی یەکەمی وشە واتە (فۆرم) دراوە، شرۆڤەی نوێ بۆ ئەم لایەنە گرنگەی وشە کراوە تێگەیەکی زانستیی نوێ ئافرێندراوە، بە پراکتیزە کردنی لایەنە تیۆرییە واتاییەکان لە ناو زمانەوانیی کرداریدا، کە بە پەروەردەکردنی منداڵەوە پەیوەستن. بەکارهێنانی ئەم میتۆدە نوێیە لە تەمەنی چوار ساڵی منداڵدا دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی ناومێشکیان لەگەڵ بەرجەستە کردنی فۆرمەکانی تری وشەو بەکارهێنانی وێنەی شتەکانی دەوروبەر هەتاوەکو ئاستی دەربڕین و بەکارهێنانەوەیان لە ژیانی ڕۆژانەدا، پاشان لە تەمەنی پێنج ساڵیدا ئاشناکردن و ناساندنی لایەنی پەتی (ئەبستراکت)ی وشەکان بە فۆرمی نوسینی دەنگەکانی زمان کە لە پیتەکان پێکدێن، ئەمەش بە گرنگترین قۆناغی گەشەکردنی هزری منداڵ دادەنرێت، وا لە منداڵ دەکات لە فێرگەدا ئامادەگییەکی باشتری بۆ فێربوون هەبێت.

**کلیلی وشە / فۆرم، واتا ،میتۆدی نووسین ، خوێندنەوە ، منداڵ.**

Recieved: 5/7/2021
Accepted: 26/8/2021

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## ٠/ پێشەکی:

بەگەڕانەوە بۆ تێڕوانینەکانی فەلسەفەی زمان دەربارەی وشەکانی زمان، بەتایبەت ئەو بۆچوونانەی لەبارەی (فۆرم) و (واتا)ی وشەوە هزرێنراون. دۆزینەوەو وەرگرتنی شیاوترین تیۆر و بەکارهێنانەوەی لە بواری ئامادەکردنی منداڵ بۆ فێرکردنی نوسین و خوێندنەوە لە قۆناغی باخچەدا، بە بایەخدان بە یەکێک لەو دوو لایەنەی وشە، کە بەشێکیان گرنگییان بە فۆرمی وشە داوە، بەشێکی تریشیان گرنگییان بە واتا و ناوەڕۆکی وشە داوە.

## ٠-١/ ناونیشانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ فۆرم و واتای وشە لە زمانی کوردیدا، ئامادەکردنی میتۆدی نوسین و خوێندنەوە بۆ قۆناغی باخچەی منداڵان) هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەریی لایەنەکانی وشە لە فێرکردنی منداڵاندا.

## ٠-٢/ سنورو کەرەستەی توێژینەوەکە:

خستنەڕووی هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوەی وشە بە خستنەگەڕی نمونەی وشەی زمانی کوردی زاری کرمانجی ناوەڕاست، لەڕووی فەلسەفەی زمان و پەروەردەوە.

## ٠-٣/ میتۆدی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا سوود لە میتۆدی وەسفی وەرگیراوە لەگەڵ میتۆدی شرۆڤەیی بەمەبەستی شیکاری نمونەکانی ناو توێژینەوەکە.

## ٠-٤/ گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە:

نەبوونی پرۆگرامێکی زمانیی دروست بۆئامادەکردنی فێرکردنی منداڵ لە قۆناغی باخچەی منداڵاندا، وایکردووە ئەم توێژینەوەیە بێتە بەرهەم، چونکە دانە فەرهەنگییەکان، کە لە وشە پێکدێن، ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگیان لە سەر زمانی کوردی هەیە.

## ٠-٥/ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم: وشە لە باخچەکانی منداڵاندا بە سەنتەری فێربوون دانراوە، لە چەند پارێک پێکهاتووە، سەرەتا واتا و فۆرمی وشە راڤە کراوە، لەگەڵ چەند تیۆرییەک کە کاریگەریی وێنە بۆ فێربوون رونکراوەتەوە، بەو پێیەی وێنە دیوی دووەمی فۆرمی وشەیە، پاشان تێگەی وێنە و فێربوون بەوردی شرۆڤەکراوە. بەشی دووەم: ڕۆڵی وێنەی فێرکاری لە گەشەکردنی کۆزانینی زماندا و گرنگی وبایەخی وێنەو هەستەکان لە پرۆسەی فێرکردندا خراوەتەڕوو، دواتر تێگەی وێنەیی لە باخچەی منداڵان وەک بنەماکانی میتۆدی ئامادەکاریی پراکتیزە کراوە.

## ١/ وشە وەک ناوەندی فێربوون لە باخچەی منداڵدا

ئاشکرایە هەموو وشەیەك دوو دیوی هەیە، کە بریتین لە فۆرم (دەربڕینی فۆنەتیکی) و واتایەك (ناوەڕۆك). هەرچەندە پەیوەندیی لە نێوان «فۆرم و ئەو شتەی ناوی لێنراوە، پەیوەندییەکی لەخۆوەیە» (فتاح،٢٠١١: ١٢)، هەربۆیە ئەم پەیوەندیە بۆ لایەنی پەروەردە و فێرکردن لە لایەن پسپۆڕانی بوارەکەوە بەمەبەستی گەشەپێدانی فەرهەنگی ئاوەزی منداڵ سودی لێوەرگیراوە.

هەندێك وشە هەن لە دەربڕینی ئێستایاندا هەمان فۆرمن، بەڵام لە واتایاندا جیاوازن واتە فرە فۆڕمن (لاینز، ١٩٨٧: ٤٥) بۆ نمونە: (بیر) دوو فۆرمی هەیە کە بە واتای (بیر) ی ئاو هەروەها (بیر) بە واتای بیرۆکە Idea)) ش دێت. لە هەمانکاتدا هەندێك وشە هەن، چەند واتایەك دەگەیەنن، واتە جگە لە واتا بناغەییەکەی خۆی چەند واتایەکی تریشی بەپێی تێپەڕبوونی کات لێ بارکراوە واتە فرەواتان. (حانە، ٢٠٠٨: ٩٥) بۆ نمونە: (نان) لە بنەڕەتدا یەك فۆرمە، کە لە هەویر دروستبووە، بە تێپەڕبوونی کات بۆ واتای (بژێوی) -ش بەکارهێنراوە، هەروەها هاوواتایی و چەند جۆرێکی تر هەن، کە بۆ منداڵ تەمومژیی واتایی بەرهەم دەهێنێت، هەر لەبەرئەوهۆکارانە لە توێژینەوەکەدا تیشکخراوەتە سەر ئەو وشانەی خاوەنی یەک فۆرم و یەک واتان.

### ١-١ بۆچوونە باوەکان لە سەر فۆرم و واتای وشە:

وشە پێکهێنەرێکی سەرەکیی زمانە، گرنگیی زۆری لە چوارچێوەی فەلسەفەی زمان و زانستە جیاوازەکاندا هەبووە، چونکە وشەکان تێگەی (کاراو کارتێکراو و کردارەکان) لەخۆدەگرن، تەنانەت لە ئایینە جیاوازەکانیشدا گرنگی و بەهای خۆی هەبووە. ئەنومالیستەکان (Anomalists) پێیان وانەبوو پەیوەندیی نمونەیی لە نێوان فۆرم و واتای وشەدا هەبێت ( میلکا أفیتش، ١٩٩٦: ١٠)، بەڵام دواتر لە هەوڵێکی تردا هەڵدانەوە و ئاشکراکردنی پەیوەندییەکە، لە لایەن پێوەرییەکانەوە کاری لەسەرکراوە، بۆ نمونە هێراکلیتس (Heraclitus) (نزیکەی ٥٠٠ پ.ز) جەختی لەسەر بوونی هاوسەنگیی ئاوەزی مرۆیی کردووە، بە وەسفکردنی وەک سیستەمێکی تەواو وپێکهێنراوی بنەڕەتیی زمان، بەڵام دژە پێوانەییەکان کە باوەڕیان بە بۆچوونەکانی دیموکریتۆس نزیکەی (Democritus ٤٦٠-٣٦٠ پ.ز) هەبوو، دژی بۆچوونەکەی پێشووتربوون، هەندێک کەموکورییان لەبارەی زمانەوە خستۆتەڕوو، وەک بوونی دیاردەی (هاوواتایی و هاوبێژی) ی بەو پێیەی پێکهاتەی زمان بەر گۆڕانکاری کەوتووە؛ هەڵگواستنی کردارەکان لە هەندێک لە ناوەکانەوە. لەلای (پلاتۆن٤٢٧-٣٤٧ پ.ز) یش ئەم باسە فەرامۆش نەکرابوو، کە هاوڕای هیراکلیتیس بوو. پلاتۆن بە شێوەیەکی گشتی پێیوابوو وشە شێوەی بەرجەستەکراوی هزرە.

(ئەرستۆ٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) بەدامەزرێنەری ڕێزمانی ئەوروپیی کلاسیک دادەنرێت، یەکەم کەس بوو بەشە ئاخاوتنەکانی بۆ ناو و کردار پۆلێنکردووە؛ هەموو ناو (Onoma) و کردارەکانی (Rhema) کۆکردۆتەوە، ئاشکرایکردووە، هەریەک لەو ناوانە واتایەکیان لەناو خۆیاندا هەڵگرتووە، بەڵام هەرچی کردارەکانە جیاوازن بەهۆی تایبەتمەندییەکانی پێکهێنانی کردار وەک بوونی کات و کەس و ژمارە (میلکا أفیتش، ١٩٩٦: ١٩).

**بـۆ ڕوونکردنـەوەی فـۆرم و واتـا بۆچونـەکان زۆرن، لێـرەدا هەندێکیـان راڤـە دەکەیـن کەجێگـەی بایەخـن:**

١- لای پلاتـۆن: «واتـا، بریتیـە لـە پەیوەندییەکـی دوو لایەنـی لـە نێـوان فۆرمێکـی زمانـی و کەرەسـتەیەک لـە دەرەوەی زمانـدا». بـۆ پلاتـۆن واتـای وشـە (ئـەو شـتەیە کـە بـە وشـە نـاوی لێـنراوە) وەک: واتـای وشـەی (مێـز)، واتـاش کـرۆکی وشـەیەو ئەبسـتراکتە، بـە گرنگتریـن بەشـی وشـە دادەنرێـت، هـەر لەبـەر ئەمەیـە توێـژەران پـتر لەسـەری دواون. ) عـەلی، ٢٠١١: ١٤)

٢- لای ئەرسـتۆتێلیس: «واتـا، وێنـا کردنـە لـە ئـاوەزی مرۆڤـدا» سـێ شـتی جیـا کردۆتـەوە (شـتێک لـە دوونیـای دەرەوە دا، وێنـا کـردن، ڕەنـگ (چەشـنەکان) ).

٣- ئیـبن سـینا (فەیلەسـوفی ئیسـلام): «واتـا، ئـەو شـتەیە یاخـود ئـەو بەشـەی زمانـە، کـە لـە مێشـکدایەو نابینرێـت، ئـەوەی کـە مـرۆڤ دەیبینێـت بەهـۆی چاوەکانییـەوە وێنـەی گرتـووەو پاشـماوەی لـە مێشـکدا جیهێشـتووە، ئـەو پاشـماوەیەش، واتایـە».

٤- (ڤیلهلـم ڤـۆن هامبۆڵـد١٧٦٧-١٨٣٥) فەیلەسـوفی ئەڵـمانی کـە بەدامەزرێنـەری زمانەوانیـی گشـتی دادەنرێـت و بایەخێکـی زۆری بـە پەیوەندیـی نێـوان زمـان و هـزر داوە، پێیوایـە زمـان دیاردەیەکـی گـۆڕاوە (Dynamic). چالاکیـی هـزر بەپێـی پێویسـت هەوڵـدەدات لەتـەک دیـاردەی دەنگیـدا یەکبگرێـت، بەبـێ یەکگرتنـی هـزرو دەنـگ جیهـانی وێنـەکان ناتوانـن ببنـە دەربـڕی هـزر، ئەمـەش واتـە نەبـوونی هزرانـدنی دروسـت .(Brinton, ١٨٨٥)

٥- (فێرنانـد دی سوسـێر١٨٥٧-١٩١٣) فەیلەسـوف و زماننـاسی بواری سـیمانتیک کەلە دوای مـردنی دووان لە فێرخوازەکانی کتێبەکەیـان بەناونیشـانی (وانـەکانی زمانەوانیـی گشـتی) بەچـاپ گەیانـد، لـە دووتوێـی ئـەو کتێبەیـدا دەڵێـت: «وەهمێکـی گەورەیـە ئەگـەر وادابنێیـن فـۆرم تەنیـا کۆکـراوەی نێـوان دەنگێکـی دیاریکـراو و وێنایەکـی دیاریکـراو بێـت، چونکـە ئـەو پێناسـەیە فـۆرم لـەو سیسـتەمەی لێـی پێکهاتـووە دادەبڕێـت. واتـە ناکرێـت لـە فۆرمەکانـەوە بـۆ دانـانی سیسـتەمێک دەسـتپێبکرێت، ئـەوەش نـەک بـە ئەنجامـدانی پرۆسـەی کۆکردنـەوەی نێوانیـان، بەڵکـو دەبـێ لـە گشـتەوە دەسـت پـێ بکرێـت و دواتـر ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی شـیبکرێنەوە» (البـدوی،١٩٩٦ :٢٥٩).

سۆسـێر پێیوایـە: «پەیوەنـدی زمانیـی خـاوەن سروشـتێکی دەرونییـەو بنەمایەکـە بـۆ دروسـتکردنی کرۆکـی دوو ڕووە ئامادەکراوەکـە. بـۆ دەرخسـتنی تێگـە و ناولێـنراو، فۆرمـی دەنگـی یـان (نـاو)» (جێرمـان و لۆبـلان، ٢٠٠٦: ٢). واتـا ئـەو پەیوەندییـەی، کـە لـە نێـوان وشـە (ئامـاژە) و شـت (ئامـاژە بۆکـراو) دا. کەواتـە فـۆرم هـزری بەرجەسـتەکراوە لـە چوارچێـوەی دەربڕیـن یـان نوسـیندا خـۆی دەنوێنێـت. واتـە فـۆرم دەربـڕاوی فۆنەتیکـی وشـەیە یـان هزرێکـی کۆنکرێتکـراوە. کـە لایـەنی فیزیکـی ناولێنراوەکەیـە لـە ڕێگـەی ئـەو دەربـڕاوەوە دەتوانرێـت هـزر یاخـود لایەنـە ئەبسـتراکت و نادیارەکـەی نـاو ئـاوەز بەرجەسـتە ببێـت، چونکـە هـزر هیـچ ئامـاژەو واتایەکـی نابێـت ئەگـەر هـەر لـە بیردانـک بێـت و دەرنەبڕێـت.

٦- (ویتگنشـتاین ١٨٨٩-١٩٥١) یـش لـە تیۆرەکەیـدا پێیوایـە: واتـا شـتێک نییـە لـە ودیـو ڕەفتـارە زمانەوانییەکانـەوە بێـت، بەڵکـو پرۆسـەیەکی ڕەفتاریـی زمانەوانییـە، واتـا بریتییـە لـە بەکارهێنـان، پێویسـتە لەجیـاتی ئـەوەی بپرسـین واتـای (A) چییـە؟ دەبێـت بزانیـن چـۆن فۆرمـی (A) بەکاردەهێنرێـت؟ واتـە وشـەکانیش بـە شـێوەی بەکارهێنانیانـەوە بەنـدن (Williams,٢٠٠٢) کەواتـە وشـەکان ناڕوونـن هەتـا بەکاردەهێنرێـن.

٧- (مارتـن هایدیگـەر) یـش لـە بـارەی زمانـەوە دەڵێـت: «مـرۆڤ گـوێ دەگرێـت و سـەرنج دەدات، ئـەوەش پێکهاتـەی بنەڕەتییـە لـە بوونیـدا، هەروەهـا بـۆ ئـەوەش گـوێ ناگرێـت، لەبەرئـەوەی دوو گوێـی هەیـە. بەڵکـو گوێگرتـن لـە بوونیدایـە. بـۆ نمونـە (بـەرد) قسـە نـاکات لەبەرئـەوە بـێ دەنگیـش نابێـت، مرۆڤیـش دەسـەڵاتی بەسـەر بوونـی خۆیـدا هەیـە دەریدەبڕێـت، ئـەو دەربڕینـەش بریتییـە لـە زمـان. (البـدوی،١٩٩٦ )

## ١-٢/ تیۆری وێنەیی لە زماندا

ئـەم تیـۆرە لـە زمانناسـیدا بـە تیـۆری وێنەیـی واتایـی نـاسراوە، کـە ئاماژەیـە بـۆ تیـۆری زمانەوانیـی فـۆرم و واتـا، (ویتگنشـتاین) سـاڵی ١٩٢٢ لـە کتێبـی (تراکتاتـۆس لۆجیـک و فەلسـەفە) بـەراوردی تێگـەی وێنـەی لۆجیکـی لەگـەڵ وێنـەی شـوێنی شرۆڤەکـردووە، تیـۆری وێنـە لـە زمانـدا ئامـاژە بـە گەیانـدنی تیـۆری ڕاسـتیی دەکات. پێشـی وایـە تیـۆری وێنـە لەزمانـدا بریتییـە لـە دەربڕینـی واتـادار ئەگـەر بتوانرێـت لـە کەتـواری جیهانـدا وێنـا بکرێـت، هەروەهـا «وێنـە مۆدڵێکـە لـە واقـع» وێنەکانیـش لـەو توخمانـە پێکدێـن کـە بەیەکـەوە پێکیدەهێنـن» و هـەر توخمێکیـش بابەتێـک دەردەبڕێـت و کۆکردنـەوەی توخمەکانیـش لـە وێنەیەکـدا دەربـڕی کۆکـراوەی بابەتەکانـن. پێکهاتـەی لۆجیکـی وێنـە، چ لەهـزردا، یـان لەزمانـدا هاوشـێوەیە لەگـەڵ پێکهاتـەی لۆجیکـی بارودۆخـی وێنـەکان ((Wittgenstein, ١٩٢٢: ٢-١٢. لـە سـەرەتای مێـژووی مرۆڤایەتیـدا چەنـد هۆکارێکیـان بـۆ گەیانـدنی بیروبۆچـوون و هەسـت و سـۆزەکان بەکارهێنـاوە، کـە بەهۆیـەوە ئـەو وێنانەیـان دەڕبریـوە، کـە مـرۆڤ خـۆی نەخشـاندوویەتی. (کعسـیس،٢٠١٠: ٩) بەڵگـەش بـۆ ئەمـە هەمووئـەو نەخـش و وێنانـەی بـەردەوام بەهـۆی زانسـتی شوێنەوارناسـییەوە دەدۆزرێنـەوە.

ڕەچەڵەکـی وشـەی وێنـە (Image) بـۆ وشـەی ئایکـۆن (Icon)ی یۆنـانی کـۆن دەگەڕێتـەوە، کـە بەواتـای لێکچـوون و لاساییکردنەوە، پێشـتر بـە (Imago) وەرگێڕدرابـووە سـەر زمـانی لاتینـی، دواتریـش لـە ئینگلیزیـدا بـوو بـە (Image) تێگـەی ئـەم وشـەیە گرنگییەکـی زۆری لـە فەلسـەفەی پلاتۆنـدا هەبـوو، هەروەهـا لـە دامەزرانـدنی ڕێکخـراوەکانی بـواری نواندنـدا یـان وێناکـردنی بیروبۆچـوون و چالاکییـەکان لـە ڕۆژئـاوادا (مغنیـة، ٢٠٠٧: ١٨).

## ٣ / چەمکی فێربوونی وێنەدار

وێنـە واتـە تەماشـاکردن و درککـردن، وێناکـردن بـە بەکارهێنـانی دەنـگ، لـە وروژێنـەری بینایـی کـە لـە ڕێگەیـەوە منـدال دەتوانێـت ئـەو چالاکیانـەی لـە باخچـەی منـداڵان و خێـزان و شـەقام و شـار بناسـێتەوە، بـەو مانایـەش شـتەکانی دەوروبـەری خـۆی وەردەگرێـت، لـە ڕێگـەی ئـەو وێنانـەوە فێـر دەبێـت.

وێنـەی فێـرکاری، وێنەیـەکی بیـنراو و ڕەگەزێـکی هەسـتپێکراوە لـە وێنـەکانی دیکـەی ڕەوانبێـژی و زمانـەوانی جیادەکرێتـەوە، کـە بەخەیاڵـەوە بەنـدەو ئەبستراکتیشـن، بـەو واتایـەی وێنـەی بیـنراو وێنەیـەکی هێماییـە، کـە تێیـدا پەیوەندیـی نێـوان فـۆرم (هێـما، الـدال) و واتـا (هێمابۆکـراو، المدلـول) ڕووندەکاتـەوە، لـە دورهێـل (واقیـع) و شـت (فۆرم-هێـما)، وەک ئـەو وێنانـەی لـە پێـش چاومانـن بـۆ نمونـە: سروشـت، خانـوو، شـتەکانی نـاو مـاڵ و هەروەهـا ئـاژەڵ و شـتەکانی تـر، شـێوەکان، ڕەنگـەکان، هێڵـەکان، سـێبەرەکان، هێـماکان، جەسـتە...هتد.

وێنـەی بیـنراو وێنەیـەکی هەسـتەوەرییە، کـە زیاتـر لـە هەسـتەوەرەکانی تـرەوە قسـە بـۆ چـاو دەکات، خێراتـر لـە چـاو تێپـەر دەبێـت لـەوەی کـە بـە وتـە لـە گوێچکـە دەبیسـترێت، چونکـە مێشـك پێویسـتی بـە وروژانـدنی واتـا

هەیە، وێنە بەروونکردنەوە زانستییەکەی کار بۆ ورۆژاندنی دەماری بینایی (العصب البصری)دەکات، هەبوونی کاریگەریی ڕەنگەکان و فۆرمەکان دووبارە دەبێتەوە، هەستی بینین دەوروژێنێت، لە ڕووی تێم (thim) ەوە گرنگیی وێنە لە وشەی زماندەربڕ کاریگەرترە لە پەروەردەکردنی منداڵ و ڕاهێنانی زانیاری، هەر وەک دەڵێن: وێنەیەك چەندین واتا دەگەیەنێت. وێنە نواندنێکی وردی مانا زمانەوانییەکەیە، هەندێکجار بەپێی پێویستی تیشك دەخاتە سەر ئەو وشەیەی ماناکەی دەگەیەنێت، بە شێوەیەکی چالاک لەلای منداڵان پەیپێدەبرێت (ئەحمەد، ٢٠٠٩:١٠).

ئەو پەیوەندییە ڕاستەخۆیەی، لەنێوان وێنەی بیناو و ڕەگەزی فەرهەنگیی (وشە) دا هەیە پەیوەندییەکی وروژێنراوە، هەروەك چۆن وێنەی فێرکاری بۆ وروژاندنی واتا بەکاردەهێنرێت، لە ڕێگەی واتاوە نیشاندەدات یان لەڕێگەی ئەو وشەیەی دەیبینێت یان دەیبیستێت، بەم شێوەیە وێنە ڕێگە دەدات بە تێگەیشتنێکی ورد و خێرا لە واتای وشەکان، ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نێوان وێنەو دەستەواژەی زمانەوانیی نەك تەنیا یارمەتیی منداڵ دەدات بۆ تێگەیشتن، بەڵکو ئاسانکاری دەکات تەنانەت بۆ لەیادکردنیشیان، یاخود یارمەتیدەر دەبێت بۆ بیرهێنانەوەوە، کاتێك وشەیەک لە ناو ڕستەیەك یان دەربڕاوێکدا لەکاتی پرۆسەی فێرکردندا بەکاربهێنرێت، لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە، سەرنجی ڕادەکێشت و پرسیارو بەدواداچوون بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەمشێوەیە بۆ فێربوون و تێگەیشتن پرۆسەی پەروەردەیی دەکاتە ئامانج و پەیامە خوازراوەکانی بابەتەکە فێردەبێت، هەرلەبەرئەوەشە منداڵ لە پرۆسەی فێربووندایە. (حمداوی، ٢٠١٣: ١٠).

## ١- ٣ / ئەرکی وێنە

وێنە لە بواری فێرکردندا چەند ئەرکێک لەخۆ دەگرێت بە گشتی ئەمانەن:

### ١- وێنە وەک ئەرکی پەیوەندیکردن:

وێنە هۆیەکی گرنگیی گەیاندنی پەیامە لە ڕێگەی کەناڵی بینینەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەو شتە دەبەستێت کە بە پەیوەندی نازارەکی و جوڵە فیزیکییەکان ناسراوە و باری جەستەیی و دەربڕینی دەم و چاو و هەموو ئەو زانیارییانە لە وێنەکەدا دەدۆزینەوە کە ڕێگە بە پەیوەندیی کاریگەر بدەن، چونکە زانست و زانیارییەکی زۆریان تێدایە و هەروەها هەڵگری هەست وسۆزن کە تا ئاستێکی بەرز کاریگەری لەسەر وەرگر هەیە.

### ٢. وێنە وەکو ئەرکی فێرکردن

ئامرازەکانی فێرکاری بەگشتی و بەتایبەتی بیناو گرنگیی خۆیان لەپرۆسەی فێرکردن و فێربووندا هەیە، ڕەنگە بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوە و ئەزموونە زۆرەی کە لەدەوروبەر کراوە و گرنگیی خۆیان لەزۆر بواردا بەتایبەتی لەبواری پەروەردەدا دەرخستووە و لەو ڕوانگەیەوە بوونی (وێنە) بووەتە پێویستییەکی هەنوکەیی پرۆسەی فێرکردن.

توێژەران لەسەر ڕێژەی ٨٠ ٪ ی تێکردنە هەستەوەرییەکان کۆکن، هەر لەم بارەیەوە « جێرۆم بۆنەر « ی پەروەردەکاری ئەمریکی دەریخستوە کە خەڵکی تەنیا لە ١٠ ٪ ی ئەو شتانەیان لە بیرە کە دەیبیستن و ٣٠ ٪


ی ئـەوەی دەیخوێننـەوە ، ٪۸۰ی بینـین.

### ۳. ئەرکی دەقی وێنەدار:

زمانـی بیـنراو لـە ڕووی تایبەتمەندییـەوە جیـاوازە لـە زمانـی سروشـتی، سـەرەڕای ئـەم جیاوازییـەش دەکرێـت بوونـی ئـەوان لەگـەڵ یەکـتردا پەیوەسـت بێـت و دواتـر هـەر یەکەیـان لـە پرۆسـەی پەیوەندیکردنـدا ڕۆڵـی هەبێـت، دەق دەکرێـت لـە وێنەیـەدا هاوپێـچ بکرێـت یـان بـە پێچەوانـەوە، لێـرەدا ئـەو پرسـیارە دروسـت دەبێـت، کـە وێنـە جگـە لە دەق یـان بـە پێچەوانـەوە ئەنجامـی دەدات، لـەم بارەیـەوە (ڕۆلان بـارت ) بـاس لـەوە دەکات کـە هـەر دەقێـک ئەگـەر بـە وێنـەوە بێـت، یەکێـک لـەم ڕووڵانـە دەبێـت: ڕوونکردنـەوە یـان جێگیرکـردن، یـان تەواوکارییـە، یـان شـوێنگرتنەوەیە (شـاکر، ۲۰۰۵: ۱۲).

### ٤-١/ بەکارهێنانی وێنە لە فێرکردندا:.

گرنگیـی وێنـەی پەروەردەیـی لەلایـەن مامۆسـتایانەوە ، لـە خسـتنەروی بابەتەکانیانـەوە، هەروەهـا بـە یەکێـك لـە پێداویسـتیەکانی بـواری فێربـوون دادەنێـن و جەخـت لـە بەکارهێنـانی تەکنیـکی فێرکـردنی سـادە لـە کاتی نەبـوونی




وێنەی ژمارە (۱) قوچەکی ئەزموونی ئیدجار دیل( Edgar dale)

لـە قوچەکـی سـەرەوەدا گرنگیـی زیاتـر بـە وێنـە دراوە، لـە ڕونکردنـەوەی بابەتـەکانی خوێندنـدا هاوکارییەکـی باشـی مامۆسـتا دەکات، هەروەهـا یارمـەتی منـداڵ دەدات لـە وەرگرتـن و تێگەیشـتنی واتـا و نـاوەرۆکی بابـەت، بـەو جیاوازییـەی کـە هەیـە لـە سـەیرکردنی وێنـە و خوێندنـەوە دا،وە بینـین خـوی پێـك دێـت لەسـەیرکردنی هەمـوو شـتەکە کـە پێدەڵێـن سـەیرکردنی گشـت (النظـرة الإجمالیـة)، ئەمـەش بـەس نییـە بـۆ دڵنیابـوون لـە وردەکاری

شتەکان ، بەڵام وا باشترە بینینی وێنە ببەسترێتەوە بە خوێندنەوەی وشەوە. (الفرا:١٩٩،٢٦)

لەرێگەی شیکردنەوەی وێنەوە سێ قۆناغی فێرکردن بەدیار دەکەوێت:.

قۆناغی سەیرکردنی گشت (المرحلة النظرة الكلية)، لەم قۆناغەدا مامۆستا ئەو دەرفەتە بە خوێندکاران دەدات کە بە شێوەیەکی گشتی وێنە ببینن، بە یەکەمین نیگا ناودەبرێت.

قۆناغی دەستنیشانکردنی بەشێك لە ڕهگەزەکانی وێنەکە، مامۆستا ئاماژە بە هەندێک لە رەگەزەکانی وێنەکە دەدات.

قۆناغی دۆزینەوەی پەیوەندی و ئاماژەکان، لەم قۆناغەدا مامۆستا پەیوەندی نێوان هەر ڕەگەزێک و ئاماژەیەک لە وێنەکەدا دەدوزێتەوە، بەم شێوەیە خوێندنی ئەم وێنەیە بە تێگەیشتنێکی هوشمەندانە و وریاییانە دەخوێندرێتەوە، پاشان تێگەشتن بە بینین و درککپێکردنی دەرونییەوە هەستی پێ دەکرێت.

١-٥/ تایبەتمەندیی وێنەی گونجاو بۆ منداڵ

وێنەی گونجاو بۆ منداڵ لەکتێب و گۆڤارەکاندا بە کومەڵە تایبەتمەندیکی بەرچاو دیاریکراوە:.

دەبێت وێنە لە ڕووی هونەرییەوە جوان و سەرنجراکێش بێت.

دەبێت گوزارشت لە ژینگە و کاتی گونجاو بکات.

دەبێت هاوسەنگ بێت لە نێوان کەرەستە نووسراوەکان و وێنەی ناوەرۆکی کتێبەکاندا .

وێنە لەگەڵ کەرەستە نووسراوەکاندا یەکەیەکی هونەری دروست بکات لەرێگەی پەیوەندیی توندوتوڵ لە نێوانیاندا.

دابەشکردنی شێوەکان و بەکارهێنانی رەنگەکان بەشێوەیەکی گونجاو وسەرنجراکێش .

گونجاندنی وێنە لەگەڵ ئاستەکانی گەشە و هەستی دەروونی و هەستەوەری منداڵاندا.

دەبێت پەیوەندی بە هەڵوێستی فێربوونەوە هەبێت.

دەبێت وێنە روون بێت و بەرهەمی نۆییە بێت پێکهاتبێت لەرەگەزکانی بابەت بەشێوەیەکی تەواو و دور لە ئاڵۆزی.

دەبێت وێنە تایبەت بێت بەزانیاری و دوربێت لە تێکەڵوپێکەڵ و پرشو و بلاوی.(عبید: ١٩٩٧، ٢٠).

## ٢/ ڕۆڵی وێنەی فێرکاری لە گەشەکردنی بیردانکدا

منداڵ، ئامادەیی کارلێککردنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا هەیە. ئەم کارلێککردنەش کاتێک دەستپێدەکات، ژینگەیەکی گرنگی خێزانیی لە ناو باخچەدا دەستەبەر دەکات، منداڵ گرنگی بە هەموو ئەو شتانە دەدات، کە لە رێگەی هەستەکانیەوە وەریاندەگرێت، چ بینراو بێت یان بیستراوبێت، وێنەی فێرکاری یەکێکە لە گرنگترین هۆیەکانی پەروەردەی منداڵ و لە توانایدایە وزەکانی خۆی بە زانیاری بارگاوی بکات، چونکە بینین لە ژیانی منداڵدا گرنگترین دەرچەی زانیارییە، منداڵ ناتوانێت تەنیا بە وشە شتەکان بناسێتەوە، بە بێ ئەوەی ببینن یان تایبەتمەندییەکانی بزانن. (نجاة، ٢٠١٥:٣).

لە رێگەی وێنەوە زانیاری پەیدا دەبێت و درککردن و هۆشیاریی منداڵ بەرهەم دەهێنێت، بۆیە لە ڕێگەی وێنەی پەروەردەییەوە بناغەی یەکەم بۆ پەروەردەکردن و کەسایەتیی منداڵ دادەنرێت و ئەو بارودۆخەش

دیـاری دەکرێـت کـە لـە داهاتـوودا دەبێـت، وێنـە بـۆ منـداڵ زمانـی دەربڕینـە نـەک بـە مانـای بینینـی جوانیـی وێنەیـەک، هەروەهـا ئـەو شـتانەی کـە ئـەو دەیزانێـت لـە شـتەکان و ئامـرازەکان وە ئـەوەی لـە ژینگەکـەی خۆیـدا دەیبینێـت دەیپێویـن ، چونکـە وێنـە لـە گرنگـی گەشـەی هـزری و زانیـاری و زمانەوانیـدا ڕەنـگ دەداتـەوە، ئەمـەش بنەمـای پرۆسـەی پەروەردەیـی و پەروەردەیـی منداڵـە، بۆیـە دەپرسـین چـۆن هـانی منداڵەکانمـان بدەیـن بـۆ خوێندنەوە و چێـژ لـەو سـاتانە ببینێت.(حمـداوی ،٢٠١٣:١٠)

لـە هاوکێشـەکانی فێربووندا (Gerom.s.Bruner) بـاوەڕی وایـە، گەشـەی مەعریفـی، زنجیرەیەکـە لـە گۆڕانکاریـی گەشـەی زانیـاری بەسـەریەکەوە کـە لەگـەڵ جـۆرە تێکەڵبوونێکـی بـێ هەسـتدا یـان بـە شـێوەیەکی تـر زنجیرەیەکـە لـە گەشـەکردن و چالاکیـی دەروونیـی بـەردەوام پێـش مـاوەی چڕکردنـەوە و ئـەم چالاکییـە لـە دەوری سـەرهەڵدانی توانـای زانینـی منـداڵ گەشـەی کـردووە، کـە لـە ئاسـتێکەوە بـۆ ئاسـتێکی دیکـەی زانییـن ناگوازرێتـەوە، هەرلـەم ڕووەوە (برونـەر) سـێ قاڵبـی فێربـوون دەخاتـەڕوو:

١- شـێوازی فێربـوون لەڕێـی کارکـردن (چالاکـی): لەسـەر بنەمـای کارکـردن، بـە نموونـە فێربـوون بەهـۆی ڕاهێنـان یـان پرۆسـەکردنی شـتەکانەوە زۆر جـار لەگـەڵ منداڵانـدا بەکاردەهێنرێـت، کـە لـە قۆناغـی جوڵـەدان فێـری دەبـن، لـە ڕێـی چالاکیـی یـان لاسـاییکردنەوەی کەسـانی دیکـەوە.وەک چالاکیـی: وێنەکێشـان، مەلەکـردن، پاسکیلسـواری... هتـد.

٢- قاڵبـی ئایکۆنۆگرافـی (وێنەیـی): لەسـەر بنەمـای بەکارهێنانـی وێنـە بـۆ دەسـتکەوتنی تێگـەکان و زۆربوونـی گرنگیـی قاڵبـی فێربوونـی وێنەیـی ، لەگـەڵ هەڵکشـانی تەمـەنی منداڵـدا پێویسـت ناکات مۆدێلـی پراکتیکـی پێشکەشـبکرێت، مامۆسـتا لـە توانایدایـە هـەر ناوەڕۆکێکیـان فێربـکات بـە پێشکەشـکردنی وێنەیـەک، کـە پەیوەنـدی بـە بابەتەکـەوە هەیـە بـۆ یارمەتیدانـی منـداڵ بـۆ پێکهێنانـی وێنەیەکـی هـزری.

٣- شـێوازی فێربوونـی هێمایـی: لەڕێـگای وشـەی نـووسراو یـان دەربـڕراوەوە ، زمـان بـە گرنگتریـن و گشـتگیرترین دەفـری ناوەڕۆکـی هێمایـی دادەنرێـت، کـە لەپرۆسـەکانی فێربوونـی گـەورەدا بەکاردێت و ئاسـتی لێهاتوویـی فێربوونی زانیـاری بەرزدەکاتەوە.(السـعدی، ٢٠١٨: ٤).

٢-١/ گرنگیی وبایەخی وێنە لە پرۆسەی فێرکردندا:

ئـەو بـەدوا گەرانانـەی لەسـەر وێنـە هەیـە کـە بـە چەنـد قۆناغێکـدا تێپەڕیـوە، سـەرەتا بـە تێڕوانینـی فەلسـەفییەوە بەندبـوون، پسـپۆڕانی بـواری پـەروەردەی فێرکـردن لـە وێنـەدا بۆیـان دەرکەوتـووە کـە تـا چەنـد زانسـتەکانی فێرکـردن بەشـداری لـە دووبـارە ڕەچاوکردنـەوەی ئامـرازەکانی فێرکـردن و فێربوونـدا دەکـەن؟ واتـە (وێنـە) وەکـو ناوەندێـك لـە نێـوان سێگۆشـەی دیداکتیکـی (مامۆسـتا ، منـداڵ ، بابـەت ) دا دەبینرێـت.

بەمشـێوەیە هەمـوو بەشـدارییە پەروەردەیییـە کان بەگشـتی وابەسـتەی پێشـکەوتنی زانسـتە پەیپێبراوەکانـن، بـە تایبەتـی توێژینـەوەی هەندێـک لـە پێشـەنگەکانی دەروونناسـیی مەعریفـی وەک (J.Piaget)، میشـێل دونیـس (م. دێنـس)، پیلیشـاین، کۆسـلین، بێڤیـۆ (Paivio) و نیـسر( Neissr)...هەروەهـا وەبەرهێنـانی ئەنجامـی جۆراوجـۆری توێژینـەوە پەیوەسـت بـەم بـوارە مەعریفییـەوە لـە درککـردن و سـەرنج و یـادەوەری و نوانـدن و بینـای وێنـەی هـزری و گەشـەی مەعریفی...لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا ، پەیوەندیـی نێـوان ئاراسـتەی شـیکردنەوەی وێنـەو وەرگرتنـی فەلسـەفەی ئەزموونـی پێکهـات، کـە جـۆن لـۆک ( J.Lok ) و دەیڤیـد هیـوم ( D.Hume ) وەک بنەمایـەک وابـوو بـۆ

بەدواداچـونی وێنـە، کـە پشـت بەسـتن بـە مانـا بنەمـای زانینـە، (فرانسـیس گالتـۆن) توانـی بەشـدارییەکی کاریگـەر تۆماربـکات ، شـێوازی ئامـاری جیـاواز و تاقیکردنەوەی پێوانەکردنـی توانـای تـاک بـۆ داکـردنی (save) وێنەکـەو ئامادەکـردنی، وەک ئـەوەی )فێچنـەرFechner) گرنگیـی زۆری بـە وێنـە دەدا، ئەمـەش وایکرد دەروونناسـان جارێکیـتر چـاو کاریگـەری وێنـە بخشـێننەوە. (العابـد، ۲۰۰۳: ۳)

(بیاجیـە) لـە توێژینەوەکەیـدا جیـاوازی لـە نێـوان دوو جـۆر وێنـەدا دەکات: وێنـەی بەرهەمهێـنراو (Images productrices) ، و وێنـەی پێشـبینیکراو( Images anticipatrices )، وێنـەی بەرهەمهێـنراو ئـەو وێنانـەن کـە کەسـێک ئامادەیـادەکات لەڕێـی شـتەکان و ڕووداوە دیارەکانـەوە کـە پێشـتر درکـی پـێ کـردووە، وێنـەی پێشـبینیکراو ئەوانـەن کـە لەسـەر بنەمـای سـەرەوە نیـن ، بەڵکـو لەسـەر خەیاڵ بـە پێشـبینیی ڕووداو و ڕاسـتییەکانە کە تـاک پێشـتر نەیبینیوە، وێنـەی (بیاجیـە) درێژکـراوەی درکپێکـردن نییـە، بەڵکـو پرۆسـەیەکی هزرییـە، بـە چالاکیـە هزرییەکانـەوە پەیوەسـت کـراوە، ئـەم درککـردن و تێرامانـە ئـەو شـتانەن کـە ڕەوتـی کۆزانیـاری بـە گشـتی جیادەکەنـەوە لـە ئاڕاسـتەکانی تـر لـە تێڕوانینێـک بـۆ تێڕوانینێکـی درکپێکـراوی مـرۆڤ. تیـۆری جەشـتالتی ئەڵمانی (گشـتالت لـە ئەڵمانیـدا واتـە فـۆرم ) پێشـەنگەکانی (کۆهلـەر)، (کۆفـکا) و (پـۆل کیـوم ( P.Guillaume لـە ڕۆڵـی ڕۆشـنبیری و سـەرنجدان لـە ئەرکـی درککردنـدا، ئـەوان ئـەوە دەبینـن کـە جیهـان و وێنـەکان پێکهاتەکانـی خۆیـان بەسـەردا دەسـەپێنن، لـە( خـود) دەڕوانـن، هەروەهـا بـاس لـەوەش دەکـەن، کـە درکپێکـردنی وێنـە ڕاسـتەوخۆ و هەسـتپێکراوە، ئـەو خـودە شـێوە وەک گـرووپ دەبینێـت و دابـڕان نییـە لـە نێـوان ڕەگـەزەکان، وێنەکانـی دوو جەسـتە دابـەش دەبـن بەسـەر قووڵایـی ( فۆنـد ) و شـێوەی ( فـۆرم ) کـە سروشـتی قووڵاییەکـە دەتوانێـت کاریگـەری لەسـەر وێنـە بـکات ، کـە ژمارەیـەک وەهمـی درککـردن(Illusion) ڕوون دەکاتـەوە، (تیـۆری جەشـتالتی) گرنگیـی زۆری داوە بـە وەهمـی درکپێکـراو لـە بنیاتنانـی تیـۆری فـۆرم دا.

جەشـتالتییەکان پێنـچ یاسـای درکپێکـردنی وێنەیـان گەشـە پێـداوە ، کـە بەشـێوەیەکی گرنـگ بـۆ دەستنیشـانکردنی وێنـە لەبـواری فێربوونـدا بەکاردێـن:

١-یاسای بچوکبوون (قانون الصغر): شێوەی بچوك ، قۆلاییەكی گەورەتر ئاشكرا دەكات.

٢-یاسای سادەیی (قانون البساطە):یاسای سادە ،شێوە لە شێوەی ئاڵوزدیارترە.

٣- یاسـای ڕێکخسـتن (قانـون الانتظـام): دابەشـبوونێکی ڕێکخـراو لـە فۆرمـەکان کاریگـەری لـە سـەر پرۆسـەی درکپێکـردن دەبێـت.

٤- یاسـای بەرامبەریـی (قانـون التقابـل): دابەشـکردنی بـە یەککەیشـتنی ڕەگـەزەکان فۆرمێـکی دیارکـراوە و کاریگـەری لەسـەر درککـردن هەیـە.

٥- یاسای جیاوازیی (قانون الاختلاف): شێوەی جیاواز و نامۆ باشتر دەردەكەوێت .( الماكري، ١٩٩١: ٢٣).

ئـەم یاسـایانە لـە هەڵبـژاردنی وێنـەدا زۆر گرنگـن چ بـۆ مەبەسـتی پێداگـۆگی، یـان بـۆ هـەر مەبەسـتێکی دیکـە بێـت، بۆئـەوەی وێنـە ڕۆڵـی خـۆی لەبـواری فێرکردنـدا هەبێـت، بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ ( پێداگوکـی) یـەکان. تێکەڵکـردنی ئـەم یاسـایانە تەبایـی تـەواو لەنێوانیانـدا هەیـە.

## ٢-٢/ کاریگەری هەستەوەرەکان لە سەر فێربوون

دەرونزانیی پەروەردەیی، گرنگییەکی زۆری بەتیۆرەکانی فێربوون داوە و بەردەوام لە تاووتوێکردن و لێکۆلینەوەی تیۆرەکانی فێربووندایەو لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا پراکتیزە کراوە. ئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژە بۆ سەرکەوتن و گرنگیی زۆریی تیۆرەکانی فێربوون دەدەن و کاریگەریی زۆریان لەبواری پرۆسەی فێربووندا هەیە.

ڕێکخستنی بارودۆخی فێربوون بەجورێك بێت، منداڵ درکی پێ بکات تاوەکو پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان بزانرێت. منداڵ چەند توانای درککردنی پەیوەندیی نێوان زانیارییەکانی هەبێت، ئەوا پرۆسەی فێربوون خێراتر دەکات. بە ڕەچاوکردنی هزری منداڵ و گواستنەوەی زانیاری لە دۆخی نامۆوە بۆ دوخی ئاشنا. (عزالدین، ٢٠١٨ :١٣٢)

پرۆسەی فێربوون پشت بە هەستەوەرەکان دەبەستێت ، چونکە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە ورو ژینەرەکان بۆ ناوەندی کۆئەندامی دەمار (مێشك) دا دەگوازرێتەوە. واتە هەستەوەرەکان دەروازەی پەیوەندیی تاکە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، ڕوودانی پرۆسە زانیارییەکانی تری وەك درککردن، فێربوون، بیرهاتنەوە، زمان ، پاڵنەر و هەڵچوونەکان. شاراوە نییە مرۆڤ لە هەموو کاتێکدا پێویستی بە وەرگرتنی زانیارییەکانە، تا بتوانێت لە گەڵ ئەو ژینگەیەی، تێیدا دەژی بگونجێنێت. هەستەوەرکان وەك سەرچاوەی وەرگرتن و وروژینەرەکان بۆ چەند جۆرێکن لەوانە هەستی دەستلێدان، بیستن، بینین، تامکردن و بۆنکردن. هەوستەوەرەکانیش بە تەنیا ڕۆڵ نابینن، واتە بۆ ئەوەی زانیارییەکان شیبکرێنەوە و وەڵامدانەوەی گونجاویان هەبێت، پێویستە زانیارییانەکان لەڕێی هەستەوەرەکانەوە بۆ ناو ئاوەز بگوازرێنەوە لە وێوە مامەڵەی گونجاویان لەگەڵدا بکرێن. (عزالدین، ١٦٩-١٧٠) بەشداریی هەستەوەرکان لە فێربووندا سودی زۆریان بۆ فێرخواز دەبێت و تێگەیشتن لەبابەتەکەدا ئەنجامی توێژینەوەکان لەم بوارەدا ئاماژە بۆ گرنگیی هەستەوەرەکان دەکەن، بۆ نمونە ئەنجامی یەکێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەم راستیانەی لای خوارەوە دەکات:

١- هەستی بینین (چاو ) بەرێژەی (٨٣٪) بەشداری لە فێربووندا دەکات.

٢- هەستی بیستن ( گوێ) بەرێژەی (١١٪) بەشداری لە فێربووندا دەکات.

٣- هەستی بۆنکردن(لووت ) بەرێژەی (١٣٪) بەشداری لە فێربووندا دەکات.

٤- هەستی تام وچێژ بەرێژەی (١٪) بەشداری لە فێربووندا دەکات.

هەروەها یادکردنەوەی زانیارییەکان رۆڵی هەستەوەرەکان دەگۆڕێت بۆ نمونە مرۆڤ دەتوانێت:-

أ- (١٠٪) ئەو زانیارییانە بهێنێتەوە یادی کە دەیان خوێنێتەوە.

ب- (٢٠٪) ئەو زانیارییانە بهێنێتەوە یادی کە دەیان بیستێت.

ج- (٣٠٪) ئەو زانیارییانە بهێنێتەوە یادی کە دەیان بینێت.

د- (٥٠٪) ئەو زانیارییانە بهێنێتەوە یادی خۆی کە دەیان بینێت و دەیان بیستێت. (کریم :٢٠١٣، ٢١-٢٢).

هەندێك لە زانایانی بواری پەروەردە دەڵێن: باشترین ڕێگە بۆ فێرکردنی خوێندنەوە ئەوەیە فێرخواز لە پێشدا فێری نووسینی ئێسکی پیتەکان بێت ئینجا خوێندنەوەیان، چونکە نووسین کردەیەکی هەستییە، بەڵام خوێندن ئارەزوویەکی واتاییە (معنوی) یە کە، لە سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەمە شتێکی ئاشکراو زانراوە لە زانستی فێرکردندا، کە پێویستە هەموو فێربوونێک لە ناوەندەکانی خوێندنی سەرەتاییدا بێت و لە سەرەتاوە بە

کردەوەیـەکی هەسـتیی دەسـت پـێ بـکات.

مێـژووی زانسـت و زانیـاری سـەرەتا بـە نووسـین دەسـتی پێکـردووە. نووسـین بریتـی بـوو لـە هەندێـک نەخـش و نیـگاری ئـاژەڵ و زینـدەوەر، کـە واتاکانیـان نەیانتوانیـوە لـە شـتی کۆنکرێـت تێپـەر بـکات، باشـترین بەڵگـەش بـۆ ئەمـە نیـگاری هێرۆگلیفییـەکانی میـسری کۆنـە. جیـاوازی لـە نێـوان نەخشەکێشانی ئێسـکی پیتـەکان و نەخـش و نیـگاری شـتی سرۆشـتیدا چیـن؟ جیاوازییـان ئەوەندەیـە، کـە بـە نەخشـەی پیتـەکان دەگوترێـت (نوسـین) بـە نەخشـاندنی سروشـتیش دەگوترێـت (نیـگار)، لەبـەر ئـەوە دەبێـت هەمـوو فێرکردنێـك (بەتایبـەتی خوێندنـەوە) بـەم جـۆرو چەشـنانەدا دەسـت تێپەرببێـت: ١- نەخـش ونیـگار ٢- نووسـین ٣- خوێندنـەوە.

خوێندنـەوە کردەوەیـەکی هزرییـە، بـۆ کاملبـوونی ئـەو کردەوەیـە، پێویسـتە ئـاوەزی مـرۆڤ لـە ئێسـکی وێنەیـی وشـەکانەوە بـۆ دەنگـی پیتـەکان تێپەڕببێـت، کەوابێـت دەبێـت سروشـتی خوێندنـەوە لـە بنەڕەتـدا بریتیـی بێـت لـە پەیوەندییـەکی هـزری (زەینـی) لـە نێـوان دەنگـەکان (دەنگـی پیتـەکان ) و ئـەو هێمایانـەدا هەیـە، مەبەسـت لـە (وێنـەی پیتـەکان)ە کـە بـۆ دەنگـەکانی مـرۆڤ دانـراوە. هەرچەنـدە بـە ڕواڵـەت خوێندنـەوە یـەك کردەوەیـە. بـەڵام ئەگـەر ئـەم کردەوەیـە لێـک بدەینـەوە، دەردەکەوێـت، کـە لـە چەنـد کردەوەیـەکی تریـش پێکهاتـووە.

خوێنـەر لـە پێـش هەمـوو شـتێکدا پێویسـتە ئـەو هێـما چاپکراوانـە بناسـێت، لەگـەڵ ئـەو واتایانـەی کـە هێمایـان بـۆ دانـراوە بونیـاد بنرێـن. ئـەو دوو کردەوەیـە بەیـەك کـردەوە دێتـە پێـش چـاو بەبـێ ئـەوەی کـەس هەسـتیی پـێ بـکات. (هەورامـی، ٢٠١١: ٢٠-٢١)

## ٢-٣/ ناسینەوەی وێنەی بینراو لە لایەن منداڵەوە:

گەشـەکردنی تێروانینـی منـداڵ گرنکتریـن بنەمایـە لـە پرۆسـەی پـەروەردەو فێرکردنـدا ، چونکـە منـداڵ قۆناغـی ڕاهێنـان بـە چەنـد بوارێـك تێدەپەرێنێـت، لەوانـە: هەسـتی ، دەروونی ، زانیـاری، کومەڵایـەتی، پەیوەندیـی، ئـەم بوارانـە پێویسـتیان بـە گەشـەی ڕوژانـە و شـێوازی پەروەردەیـی هەیـە کـە لـە ڕێگەیـەوە بتوانرێـت زانسـت و زانیـاری بـە هەمـوو ئـەو شـتانەدا بـڵاو بکرێنـەوە کـە پانتایـی بینینـی منداڵەکـە فراوانـتر دەکات. (حمـداوی، ٢٠١٤:١٩-١٨)، لـە پرۆسـەی فێرکردنـدا، منـداڵ بـە سـەرنجدان دەسـت پێـدەکات و بـە سـەرنجدانیش کۆتایـی دێـت و لەڕێـی وێنـەوە هەسـت و دەروونی دەوروژێـت و دەچێتـە نـاو بازنـەی سـەرنجەکانییەوە، بـە تەنیـا پرۆسـەی تێڕوانینـی وێنـە زمـانی دیالـۆك ئەنجـام نـادات.

زمـانی وێنـە زمانێکـی بینـراوە، ناوەندێـکی ڕوونکردنـەوەی گرنگـی فێربوونـە و کلیـلی پەیپێـبردنی وشەکانیشـە، لـە وتـەی وشـە نووسراوەکانـدا وێنەیـان بـۆ کێـشراوە، هیـچ وشـەیەك نییـە بـاسی لێـوە بـکات، فێرببێـت یـان بنوسـێت بەبـێ بنەمـا یـان سـێبەری ئـەم وشـەیە کـە بـە وێنـە دەنوێنرێـت، بەمشـێوەیە پرۆسـەی خوێندنـەوە لـە منداڵـدا بـە خوێندنـەوەی وێنـەکان دەسـتپێدەکات، لـە ڕێیـەوە مـرۆڤ شـێوە و دەوروبـەری خـۆی دەناسـێت. ئەرسـتۆ پێیوایـە شارسـتانیەتی مرۆڤـی ئێسـتا شارسـتانیەتی وێنەیـە. (رۆلان بـارس) بـۆ گەیشـتنی منـداڵ بـە ئاسـتی درکپێکـردنی وێنـە و وەرگرتنـی خەسـڵەتە زانیارییـەکانی تەنیـا بـە یارمـەتی دوو پێکهاتـەی بنـەڕەتی دەکرێـت ئەوانیش"خێـزان ومامۆسـتا"، (جـیروم برونـر) دەڵێـت: خەڵـك تەنیـا ئـەوەی دەیبینێـت و ئـەوەی دەیخوێنێتـەوە لـە یـاد دایـە (نجـاة مزهـود، ٢٠١٥: ٤).

٢-٧/ گرنگیی وێنە لە پرۆگرامی خوێندنی باخچەی منداڵاندا

گرنگترین بەش لە فێرکردندا ناسینی ناوی شتەکانی دەوروبەریەتی، ئەگەر منداڵ خودی شتەکەش نەبینێت، دەشێت لەڕێی وێنەکەیەوە، یاخود گرتە ڤیدیۆیەکەوە ببینێت، تێگەیەکی نوێ بەهۆی هەستی بینینەوە لەلای ئاشنا ببێت. واتە لە ڕێی ورووژاندنی سەرجەم هەستەوەرەکانییەوە دەتوانرێت زانیارییەکانی منداڵ فراوانتر بکرێت.

دیارە وێنەی ڕوونکەرەوە، کە وێنەی زانیارییەکانە، یان شێوەیەکی هێڵکارییە، کە زۆرێک لە توێژەران بە وێنەی ڕوونکەرەوە ناویان بردووە، هەندێکی تریش بە وێنەی هێڵکاری (Diagram) دەیناسێنن، بریتین لە کۆمەڵێک (شێوە، وێنە، هێڵکاری) کە قوتابی لە بری هێما زمانییەکان (نوسین) لە وێنە ڕوونکەرەوەکەوە زیاتر فێردەبێت. (زیتون، ٢٠٠٢: ١٧١). ئەم شێوە وێنانە مەودای تێگەیشتن و درکپێکردن و فێربوون لەلای قوتابییان کورتتر دەکاتەوە. (کعسیس، ٢٠١٠: ١٦٨) پێویستە لەو پەرتوکانەی منداڵاندا وێنەو شێوەی فێرکاریی زۆر ڕەنگاوڕەنگ هەبن. مرۆڤی سەرەتایی بەهۆی هێلکاری و وێنەکێشانەوە لە یەکتری گەیشتوون و خواست و مەبەستەکانیان گەیاندوون. تا گەیشتوونەتە داهێنانی نووسینی مێخی و هیرۆگلیفی و داهێنانی پیت.

وێنە هۆیەکە لە هۆیەکانی دەربڕین و گەیاندن. گوزارشت لە سۆز و هیوا و هەڵچوونەکانی ناو ناخی مرۆڤ و سەرنج و تێڕوانین و زیرەکیی مرۆڤ دەکەن.

زانای مەزن و بلیمەت ( سیگمۆند فرۆید ) دەڵێت: « لە دوای خەون، هونەر و وێنە، ڕێگایەکی دانپێدانراوە، بۆ چوونە قووڵایی ناخی ئاڵۆزی مرۆڤەوە» لە ئەمڕۆدا، زاناکان لە ڕێی شیکردنەوەی هێلکاری، کە بە ( زانیاریی گرافۆلۆژی) ناو دەبرێت. واتا لێکدانەوە و شیکردنەوەی شێوە لەخۆدەگرن. لە زۆر ڕووەوە کەسێتی و زۆر لە مەبەست و هیوا و گیروگرفت و کێشە و ململانێ دەروونییەکانی ناخی مرۆڤ شیدەکەنەوە (ڕەزا ،٢٠١٥: ١٢).

وێنەی (فۆتۆگرافی) کاریگەرییەکی زۆر باشی لەسەر فێربوون هەیە، چونکە وانەی گێڕانەوەیی بەبێ هۆکاری ڕوونکردنەوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەندێشەی منداڵ نابێت.

٢-٤/ بنەماکانی ئامادەکردن و هەڵبژاردنی وێنەی ڕوونکردنەوە:

پێویستە وێنە ئەم مەرجانەی خوارەوە لەخۆبگرێت (الجابری واخرون، ٢٠٠٤: ٣١-٣٢):

ڕێزگرتنی بەهاکان و ناوەرۆکی ڕۆشنبیریی مامۆستایان لەخۆبگرێت.

گونجاندنی وێنەو شێوەکان لەگەڵ تەمەنی منداڵاندا.

پرۆسەی ئامادەکردن و هەڵبژاردنی وێنەکان لەگەڵ ئامانجی بابەتەکاندا یەکبگرنەوە.

شێوەو وێنەکان لەگەڵ دەقەکاندا پێکەوەبەسترابن وهەردووکیان بابەتێک بنوێنن.

پێویستە وێنەکان گرنتیی ئاسانکاریی فێربوون و درکپێکردن لای منداڵ بکات.

بۆ هەر بابەتێک وێنەیەکی سادە ببێتە هۆی ڕوونکردنەوەو دوورکەوتنەوە لە فرەوێنەیی.

ڕەنگەکانی وێنەکە جوان و سەرنج ڕاکێش و ڕوون بن.

یاساو ڕێساکانی درکپێکردن لەبەرچاو بگیرێت.

هەژمارکردنی وێنەکان بەشێوەی زنجیرەیی بۆئەوەی لەگەڵ بابەتەکەدا تەواو بگونجێن.

پێویست ناکات وێنەکان تێکەڵی دەقەکان بکرێن، بەڵکو دەبێت مەودایەکی کەم لەنێوانیاندا هەبن.

ئەگەر هاتوو دەقەکان گرنگتر بوون لە وێنەکان، ئەوا لەلای ڕاستی پەڕەکە دابنرێت و وێنەکەش لای چەپی پەڕەکەوە بێت، بە پێچەوانەیشەوە.

سودەکانی وێنە لە پرۆسەی فێرکردندا (Azizah, ٢٠١٤: ٤٢ ):

سەرنجی منداڵ بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت.

زۆریی وەرگرتن و مانەوەی لە هۆشیدا.

کورتکردنەوەی ماوەی فێربوون.

برەودان بە چێژی هونەری لای منداڵ.


یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ڕەهەندەکانی کات و شوێن.

یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە قەبارەی شتەکانی دەوروبەر.

نەمانی جیاوازیی تاکایەتی لەنێوان منداڵاندا، فێربوونی زمانی وێنە لە ئاستێکی بڵنددایە.

بەدەستهێنانی چالاکیی خوێندنەوە لەڕێی خوێندنەوەی وێنەکانەوە چەندین سودی هەیە، چونکە زمانێکی نوێ لە پرۆسەی فێربوونەکە بەشداردەبێت، ئەویش زمانی بینینە، ئەمەش توانایەکی باش بە منداڵ دەبەخشێت، کە لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکاندا هەماهەنگ دەبێت (کعسیس، ٢٠١٠: ١٧٥).

وێنە کاردەکاتە سەر وروژاندنی پرۆسەو توانا ئاوەزییەکان، لە بنەڕەتیشدا ئاوەز خۆڕسکانە ئەگەر وێنەکەی لەبەرچاو نەبێت، ئەوا وێنەیەکی هێزی لە ڕێی چاوەکانی ئاوەزەوە (Minds eyes Arnold) سازدەکات و لەوێش پەیوەندییەک لەنێوان پرۆسەکانی یادگەو بەکارهێنانی وێنەو شێوەی ڕوونکردنەوە بەتایبەت لە هەردوو پرۆسەی گوتنەوەو ناساندندا (الفرجانی، ١٩٩٧: ٩٣).




هێڵکاریی ژمارە (٢)

هێڵکاریی ژمارە (٢) ، پەیوەندییە تێگەییەکانی وێنە (Image) لەخۆدەگرێت کە بە شێوەی دوو پەلکی دابەشبووە، وەستاو و جوڵاو، وێنەی وەستا دەبێتە دوو پار: کە بریتین لە دەستکرد و ئامێری، بەهەمانشێوە وێنەی ئامێریش دەشێت بە شێوەی کارتۆنی (کۆمپیوتەری) کە ئەمەش هەر لەلایەن گەورەوە دیزاین کراون، لەگەڵ وێنەی لەبەرگیراو (کامێرا) بەبێ دەستکاری.


لەلای منداڵ جوانترین وێنە ئەوەیە کە بە شێوەی ڕەنگاوڕەنگ و دیزاینی جوان کرابن، چونکە ئارەزووی

بینینـەکانی زیاتـر دەگەشـێنن و چێـژی هونەرییـان لێدەبێنـن، بـە شـێوەیەک هـزر و ئـاوەزی پـتر ئامادەیـی فێربـوونی شـتەکانی دەروەری دەبێـت.

## ٢-٥/ کاریگەرییەکانی وێنە لەسەر فێرکردنی منداڵ

کرۆکـی زمـان لەوەدایـە ڕێکخـراوو لۆجیکییـە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت، کـە ڕێککەوتنێکـی تەواوهەیـە لەنێـوان فـۆرم (شـێوەی دەنگیـی وشـە)و واتاکـەی کـە پێـوەی پەیوەسـتە. پێوانەییـەکان Analogists هەوڵێکـی تایبەتییـان بـۆ توێژینـەوەی ڕەچەڵەکـی وشـە داوە، زۆر ئـارەزووی دەرخسـتنی ئـەو ڕێککەوتنـەی نێـوان فـۆرم و واتایـان کـردووە. هەمـوو وشـەیەک واتـاو چەنـد فۆرمێکـی سـەربەخۆیان هەیـە، دەکرێـت لەڕێـی فۆرمـەوە بگەینـە واتـای وشـەکان بـە تایبـەت بـۆ منداڵێکـی باخچـە کـە لـە نێـوان تەمـەنی (٤-٥) سـاڵیدابن، واتـە هەتـا بـە فۆرمەکـە ئاشـنا نەبـن ئـەوا ناگـەن بـە واتـای وشـەکان، بەمـەش دەتوانرێـت لـە گەنجـی وشـەیاندا بەشـێوەیەکی پەروەردەیـی دروسـت وشـەیەک بـە پڕاوپـڕی فێربـن، پێویسـتە سـەرەتا لـە سـەر فـۆرم هەڵوەسـتە بکرێـت.

پێناسـە نوێییـەکانی فـۆرم، یـان ڕوخسـار و دەرخـەری شـێوەی دەرەوەی وشـەکانن، یاخـود وێنـەکانی وشـەن، کـە دەتوانیـن بڵێیـن هـەر ئـەوەش هـۆکاری دروسـتبوونی نوسـینی سـەرەتایی مرۆڤەکانـن هەمـوو وشـەکانیان بـە وێنەکـەی دەنەخشـاند، چونکـە ژمـارەی وشـەکان تاڕادەیـەک سـنوردار بـوون، کەرەسـتەکانی مـرۆڤ سـەرەتایی بـوون و لـە ژمارەیـەک دانـەی فەرهەنگیـی پێکهاتبـوون، کەرەسـتەکانی ڕاوکـردن و جلوبـەرگ و خـواردن و ئەشـکەوت، کـە یەکـەم ماڵـی مرۆڤـەکان بـوون دیاریکراوبـوون، بۆیـە بـە ئاسـانی دەیانتـوانی بـە وێنـە واتاکانیـان بگەیەنـن، هەرئەمـەش دەشـێت بـۆ منداڵێکـی (٤٨ – ٦٠) وەرزی کـە هێشـتا بـە دونیـای خوێندنـەوەو تێگـە و واتـای وشـەکاندا ڕاگوزەریـان نەکـردووە، گەنجـی وشـەکانیان سـنوردارە، پێویسـتە گەشـە بـە فەرهەنگـی نـاو مێشـکیان بدرێـت و شـتی نـوێ بـە فۆرمـی نواندنەکەیـەوە منـداڵان ئاشـنای دونیـای وشـەکانیان بکرێـن، ئەمـەش ئەوەمـان بـۆ ڕووندەکاتـەوە کـە فـۆرم دەکرێـت وێنـە یـا قاوغـی فۆنەتیکـی یاخـود شـێوەی نـوسراوی پیتـەکان بێـت، بەمشـێوەیەی خـوارەوە بۆچوونەکـە ڕوونـدەکەینـەوە:-




هێڵکاریی ژمارە (٣)

لـە هێڵکاریـی ژمـارە (٣)دا ئەوەمـان بـۆ ڕوونەبێتـەوە کـە هەمـوو تێگەیـەک ئەبسـتراکتن (abstract) لـەکاتی بـە فۆرمکردنیانـدا کۆنکرێـت (concret) دەبـن، دەشـێت بـە سـێ شـێوە/فۆرم دەربـبڕدرێـن دەتوانرێـت فۆرمـی نوسـین کـە بەهـۆی پیتەکانـەوە بەرجەسـتە بکرێـن، یـان بـە شـێوەی دەنـگ واتـە فۆنیمـەکانی وشـەکە دەربـبڕدرێـن، هەروەهـا

لە ڕێی وێنەکەیەوە دەشێت بەرجەستە بکرێن. بۆ نمونە تێگەی (تۆپ) وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە بە سێ فۆرم دەربڕاون.

پەردە لادان لەسەر ئەم فۆرمە نوێیە (مەبەست لە وێنەکەیەتی) هاوکارییەکی باشە بۆئەوەی منداڵان لەڕێیەوە بگەنە واتاو لە فەرهەنگی مێشکیاندا بەرجەستەیان بکەن، مەرج نییە فۆرمەکە هەر وێنەیەک بێت دەکرێت وێنەی ڕاستەقینەی شتەکان بن، واتە کاتێک دەگوترێت (- ئەوە فیلە.) دەکرێت وێنەی فیلی نیشان بدرێت، یان ببرێتە باخچەی ئاژەڵان فیلی ڕاستەقینە ببینن، یاخود لەڕێی نیشاندانی گرتەیەکی ڤیدیۆیی ئاژەڵی فیلی نیشان بدرێت و باس لە شێوەی ئاژەڵەکەبکریت و شوێنی مانەوەی بە منداڵەکان ئاشنا بکرێت، بە یارمەتیی ئەو هەموو فۆرمە دەکرێت زانیارییەکی باشیان پێبدرێت. ئەمەش دەکرێت بکرێتە پرۆگرامێکی سەرکەوتوو بۆ منداڵانی باخچە، کە دوو قۆناغی تەمەن لەخۆدەگرێت لە قۆناغی یەکەمدا گرنگیی بە وێنەی شتەکان بدرێت و لە خوارەوەیش بە بچووکی وشەکە بنوسرێت بە فۆرمی نوێ، بۆئەوەی بزانێت ئەو پیتانەش کە بەسەر یەکەوەن فۆرمێکی تری وشەکە نیشان دەدەن، کە هێشتا بە منداڵەکان نامۆن، منداڵەکان لەو قۆناغەی تەمەنیاندا زیاتر ئارەزووی بینینی وێنەکان یان وێنەی ڕاستەقینەی ئاژەڵەکان دەکەن و چێژێکی زۆر بە دونیای زانستیی منداڵ دەبەخشێت. ئەم پرۆگرامەش بەپێی شوێن گۆڕانکاری تێدا دەکرێت بۆ نمونە منداڵێکی گوندنشین زیاتر ئاشنای ژیانی ئاژەڵەکانن، بەپێچەوانەشەوە مناڵێکی شارنشین زیاتر ئاشنای جۆر و ناوی ئۆتۆمبیلەکانن، هەروەها منداڵێکی ئەفریکای باشور زیاتر ئاشنای ئاژەڵە کێوییەکانن و لانیکەم دەزانن کامە دڕندەیەو کامەیش بێوەیە، هتد.

هەروەها ئەو توێژینە وەکان لە سەر کاریگەریی وێنە وەک پاڵپشتییەک ئەوە دەخەنەڕوو کە کاریگەریی پەیامێکی پەیوەندیی ڕازیکردنە، کە خاوەن تایبەتمەندییەکی کاریگەرە، هەروەك لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژەی پێکراوە:

سەرنجراکێشان: لە لایەن هەردوو زانا (ماریو کا سیا) و( بیاجی ستاك) خرایەڕوو، ئەنجامە وردەکانی ئەم توێژینەوەیە بەداتا دیاریکراوە، کە ڕێژەی (٨٠٪)ی خوێنەری ڕۆژنامەکان سەیری کارە هونەرییەکان دەکەن، ڕێژەی (٧٩٪)یان سەیری وێنەکان دەکەن، ڕێژەی (٥٦٪)ی مانشێتەکان دخوێننەوەو (٢٥٪)یشی دەقەکان دەخوێننەوە،(عبدالرحیم: ٢٠٠٣،١٢٦).

خێرایی تێگەیشتن : کاریگەری لەسەر وێنە هەروەها دەبێت بەخێرایی بۆ تێگەیشتن و زانینی ماناکانی واتاو ناوەرۆکەکەی ، لەڕێگەی یاساکانی خوێندنەوەی بینراوەوە دەبێتە دوزینەوەی مانای شاراوەی وێنەکە ، بوئەوەی ناوەڕۆکەکەی تێبگات.

ج- وێنە توانایەکی زۆری هەیە لە کارتێکردن و قایلکردن، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە مافی ئەو ئالیەتەیە کە بگیرێت بەهۆی ئەو ڕۆڵبینەوەیە.

د- بەشداربوویەکی زۆرپێی کاریگەربوون، لەبەرئەوە وەرگرتنی ناوەڕکی وێنە پێویست ناکات ئاستی ڕوشنبیری یان فێرکردنی تایبەت بێت ، کاریگەرییەکەی دەست لە یەشداربوویەکی زۆری خوێنەرو بینەر دەدات، وێنە هەست بە خوێنەر دەدات بۆئەوەی هەست بە سەیرکردن و بەشداریکردن لە ڕووداوی دیمەنی وێنەگیراودا بکەن ، بۆیە دەکرێت بڵێن کە وێنە زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و گومانی تێدانیە لە کاریگەری لێکدابڕانی وێنەدا. (الشال:٩٠،١٩٩٤).

## ئەنجامەکان

ئامـرازەکانی نـاردنی کۆزانیـن بەهـۆی فۆرمـە زمانەوانییـەکان فرەچەشـنن وەک دەربڕینـی فۆنەتیکـی، وێنەیـی فێـرکاری یـان وێنـەی (هێـما) زمانییـەکان، (کـە ئەمیـش چەنـد چەشـنێک لەخۆدەگرێـت وەک وێنـەی وەسـتاو و جـوڵاو لـە نـاو وەستاوەکانیشـدا وێنـەی ڕاسـتەقینەی شـت (هێـما) و وێنـەی کارتـۆنی و کۆمپیوتەریـی)، وێنـەی فۆنیمـەکانی زمـان کـە بریتیـن لـە پیـت (گراف)ەکانـی زمـان.

واتـا ئـەو وێنـا زەینییانەیـە کـە لـە نـاو مێشـکی منداڵـدا، بەهـۆی بەکارهێنـانی ئامـرازەکانی فێرکردنـەوە لـە ئـاوەزدا هەڵدەگرێـن.

لـە سـەرەتای مێـژووەوە تـا ڕێنسـاس گرنگیـی زیاتـر بـە ناوەرۆکـی وشـە دراوە، لـەدوای ڕێنسانسیشـەوە گرنگیـی زیاتـر بـە ڕوخسـاری وشـە دراوە، چونکـە ڕوخسـار و فۆرمـی وشـە چەنـد شـێوەیەک لەخۆدەگرێـت، لەوانـە: شـێوەی درکانـدن و شـێوەی ڕاسـتەقینەی وشـە (نـاو بەتایبـەتی کـە بەشـێکی زۆری فەرهەنگـی زمـان پێکدەهێنێـت) لەگـەڵ وێنـەی وشـەکە (وەک هـۆکاری ڕوونکردنـەوە بـۆ فێربـوون).

پەرەپێـدانی وێنـە بـۆ منـداڵ بەردەوامیدانـە بـە بیرکردنـەوە، هەروەهـا بەشـدار بێـت لـە گەشـەی واتاکانیـدا بەشـێوەیەك وێنـەکان ئـەوە دەردەخـەن، منـداڵ بـە کاراتـر و قووڵـتر و هەمەچەشـنتر فێربـن..

وێنـەی فێربـوون فاکتەرێکـە بـۆ سـەرکەوتن و پێشـکەوتن لەنـاو پرۆسـەی فێربووندا.چونکـە یەکێکـە لـە گرنگتریـن وسـیلەکانی کاریگـەرەکانی و رازیکـردن، هەروەهـا لەتایبەتمەندییـەکانی ئەوەیـە، کـە سـەرنجی مێشـکی خوینـدکار رادەکێشـێت بەیایبـەت لـە قوناغـەکانی سـەرەتای فێربوونـدا.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: بە زمانی کوردی

١. شێرزاد سەبری عەلی (٢٠١١) واتا د ناڤبەرا سیمانتیک و پراگماتیکدا، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا خانی، دهۆک.

٢. عەبـدوڵا عزیـز محمـد، گـۆڕانی واتـای وشـە لـە زمـانی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر (بڵانەکـراوە) کۆلێجـی ئادابـی زانکـۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.

٣. عزالدین  ئەحمد عزیز(٢٠١٨)»دەروازەیەك بۆ دەرونزانی پەروەردەی ، چاپخانەی هێڤی، هولێر.

٤. کلـۆد جێرمـان و ڕیمـۆ لۆبـلان  و: د.یوسـف شـەریف سـەعید، (٢٠٠٦) واتاسـازی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتی پەروەردە.

٥. محەمەد مەعروف، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١١.

٦. هەورامی (٢٠١١)»بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی ،چ٢،چاپخانەی کایلار،هولیر.

### دووەم: بە زمانی عەرەبی

٧. جميل حمداوى (٢٠١٤) انواع الصورة ، المجلد الاول، المكتبة الشاملة، المغرب.

٨. جـون لاينـز، ت:د.عبـاس صـادق الوهـاب (١٩٨٧) ،اللغـة والمعنـى والسـياق، دار الشـؤن الثقافيـة العامـة، مطبعـة جامعـة البـصرة.

٩. زبادی، احمد محمد ، وآخرون: ٢٠٠٠، اثر وسائل الإعلام على الطفل، ط٢، الاهليه للنشر والتوزيع، عمان.

١٠. السعدى،ايهاب ابراهيم زيدان(١٠١٨)، نظرية برونر ،شبكة جامعه بابل الالكترونية ،بابل.

١١. شاكر عبدالحميد (٢٠٠٥) ، عصر الصوره (الايجابيات و السلبيات) منشورات علم الفكر ،الكويت.

١٢. الشال، انشراح: ١٩٩٤، رسوم الاطفال من منظور إعلامى ، دار الفكر العربي.القاهره.

١٣. عبدالرحمن البدوى،(١٩٩٦) موسوعة الفلسفة، الطبعة الأولى، مطبعة سليمانزاد، ايران.

١٤. عبدالرحيم،اسامه على: (٢٠٠٣)فنون الكتابه الصحفية والعمليات الادراكيه لدى القراء، المنصوره.

١٥. عبدالعظيم الفرجانى: التربية التكنولوجية وتكنولوجيا التربية، دار غريب، القاهرة، (١٩٩٧).

١٦. عبداللطيف الجابرى، عبدالرحيم أيت دوصو: الكتاب المدرسى- تقنيات الاعداد وأدوات التقويم - أفريقيا الشرق، المغرب، (٢٠٠٤).

١٧. عبدالمجيد العابد: اهميهة الصورة التعليميه التعلميه ،مجله حوار متمدن ،العدد ٢٨٢٦، ٢٠٠٩.

١٨. عبيد ، عاطف العبد(١٩٩٧) ، صوره المعلم فى رسائل الإعلام، ط٢، دار الفكر العربى ، القاهره.

١٩. عطيه العمرى: فن الصورة في الكتب المدرسيه بين النظريه والتطبيق ، مجله تربوية ، عدد،٢٣،مركز القطان ، عمان، ص١٠٢.

٢٠. الفرا، عبدالله عمر:١٩٩٩، تكنولوجيا التعليم والاتصال، ط٢، مكتبة دار النشر والتوزيع ،عمان.

٢١. الكلوب ،بشير عبد الرحيم : ١٩٩٣»التكنولوجيا فى التعلم والتعليم» «ط٢، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

٢٢. كمال عبدالحميد زيتون (٢٠٠٢) تكنولوجيا التعليم فى عصر المعلومات والاتصالات، عالم الكتب، القاهره، مصر.

٢٣. ماجده توماس حانه، ترجمه: د.مارى شهرستان، (٢٠٠٨ ) اللغه والاتصال في الخطاب متعدد المعاني، الطبعه الاولى، دار كيوان للطباعه والنشر والتوزيع، دمشق، سوريه.

٢٤. الماكري، محمد (١٩٩١) ،الشكل والخطاب (مدخل لتحليل ظاهراتي) ،ط٢،المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء ، الغرب.

٢٥. محمد جواد مغنية، (٢٠٠٧) مذاهب فلسفية وقاموس مصطلحات، دار ومكتبة الهلال، دار الجواد، بيروت، لبنان.

٢٦. ميلكا افيتش، الترجمه: د.سعد عبدالعزيز مصلوح و د.وفاء كامل فايد (١٩٩٦) اتجاهات البحث اللساني، طبع بالهيئه العامه لشؤن المطابع الاميريه.

٢٧. نجاة مزهود: دەور الصورة التعليميه في تنميه المعرفيه ولادراك البصرى لدى الطفل، فكر، مجله الثقافيه جزائريه ،٢٠١٥.

٢٨. AZIZAH, Jurnal ilimiah DIDAKTIKA/ ٢٠١٤, VOL.١٥, NO.١, ٤٢-٥٥ مهارات الطلبة فى الانشاء بالصور المتسلسلة، بحث تجريبى، معهد مناره العصرى.

سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی.

٢٩. TLP) Tractatus Logico-Philosophicus), ١٩٢٢, C. K. Ogden (trans.), London: Routledge & Kegan Paul.

Originally published as "Logisch-Philosophische Abhandlung", in Annalen der Naturphilosophische, XIV (٤/٣), ١٩٢١.

٣٠. Brinton, Daniel Garrison ١٨٨٥. "The Philosophic Grammar of American Languages, as set forth by Wilhelm von Humboldt, with the translation of an unpublished memoir by him on the American Verb", Proceedings of the American Philosophical Society ٢٢(١٢٠/Part IV): ٣٠٦–٣٣١.

٣١. Williams, Meredith, ٢٠٠٢, Wittgenstein, Mind and Meaning: Towards a Social Conception of Mind, London: Routledge.

چوارەم: پێگەی ئەلیکترۆنی

٣٢. رەزا ، شوان (٢٠١٥) سایکۆلۆژیای وێنەی منداڵان، http://www.giareng.com/adab-hunar/١٤٩١

## خلاصة البحث:

على مر تأريخ فلسفة اللغة، كانت لمعظم الفلاسفة وجهات نظر مختلفة حول اللغة وطريقة الابداع، التي ترى نفسها في نظريات مختلفة، وفقا لعصور مختلفة، تغيرت وجهات نظر الفلاسفة في مجال اللغة وتغيرت نظرياتهم حول الشكل و المضمون. في البداية عند الاغريق خاصة(افلاطون و ارسطوطاليس) ثم من بعدهم في العصور الوسطى وحتى العصور المتتالية حتى قرن العشرين و خاصة الفيلسوف النمساوي والبريطاني (لودفيغ فيتغنشتاين) الذى ركزت على شكل كلمة أكثر من المضمون، لذلك يعتبر مؤسس نظرية الصورة في فلسفة اللغة، كذلك وفي العصر الحديث تم عرض نظريات ووجهات نظر مختلفة، معظمهم يؤكدون على أهمية الشكل لتعلم اللغة، وخاصة الأطفال في مرحلة الرياض ، ويستفيد البحث من النظرية البصرية لفلسفة اللغة مع إعداد وتنفيذ النظام التربوي في إقليم كوردستان.

وعلى ضوء النظريات المعنوية لهذا البحث اهتم بالجانب الأول من الكلمة المسمى ب (شكل)(فورم) واستعمل التحلل الجديد لهذا الجانب الهميم للكلمة و الأبداع للمفهوم العلمي الجديد وتطبيق الجانب النظري المعنوي في تطبيق اللغة المرتبطة بتربية الأطفال باستعمال الطريقة الجديدة من عمر اربع سنوات للطفل وإثراء قاموسهم الذهني مع تجسيم الطرق الأخرى للكلمة واستعمال الصورة المحيطة به إلى حد الإدراك واستعمال في حياتيهم اليومية وكذلك تعريفهم لجانب تجريد الكلمات بشكل كتابة أصوات اللغة المتكونة من الحروف من سن خمس سنوات وهذا يعتبر من اهم المراحل الفكرية لنشيئة الأطفال مما يجعل الطفل في مراكز التعليم إعداد افضل لاستيعاب التعليم.

# A New Interpretation to Form and Meaning of Words in Kurdish Language - Preparation of Reading and Writing Methods for Kindergarden


## Abstract

Throughout the history of language philosophy, most philosophers have had different views on language and the way of creation, which has seen itself in different theories, according different eras, the philosopher's views of the field of language has changed and their theories about form and meaning have changed. Primary by the Greeks particularly (Plato and Aristotle) and then in the medieval and later ages, until the twentieth century, especially the Austrian and British Philosopher (Ludwig Wittgenstein), who emphasis more on word form more than meaning, so he is considered the founder of image theory in language philosophy, as well in the contemporary century, different theories and views were presented, most of them stressing the importance of form for language learning, particularly children in the kindergarten stage. The research benefits from the visual theory of language philosophy with preparation and implementation on the education system in the Kurdistan Region.

Under the light of these meaning theories in the research, the first side of the word, called (form), has been given a new explanation for this important side of the word and a new scientific understanding has been created, by practising the theoretical side of meaning within the practical linguistics. Which are related to child education. Using this new method at the age of four and enriching their in- mental lexicon with the embodiment of other forms of the word and using images of surrounding things until their level of expression and use in daily life, then familiarizing them at the age of five and introducing the (abstract) side of words in the form of writing language sounds that are made up of letters, which is considered the most important stage in the development of children's mind, makes children better prepared to learn at school.